هەموو ئومەتێک فیتنە وتاقیکردنەوەیەکی هەیە، وفیتنەی ئومەتەکەی من بریتیە لە: مالّ (سامان وپارە)

لە کەعبی کوڕی عیازەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بوو کە دەیفەرموو: «هەموو ئومەتێک فیتنە وتاقیکردنەوەیەکی هەیە، وفیتنەی ئومەتەکەی من بریتیە لە: مالّ (سامان وپارە)».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: (هەموو ئومەتێک فیتنە وتاقیکردنەوەیەکی هەیە) وئەمەش مەبەستی ئەو شتانەیە کە بەهۆیانەوە مرۆڤ تاقیدەکرێتەوە، (وفیتنەی ئومەتەکەی من بریتیە لە: مالّ (سامان وپارە)) چونکە بە شێوەیەکی گشتی پارە ومالّ وا لە مرۆڤ دەکەن کە سەرقاڵ بێت ودوور بکەوێتەوە لە پەرستنی خوای گەورە وقیامەت لە بیر بکات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3736